شاعیری میللی

حەبیب عەلی مەنمی میرانی

● اسماعیل تەنیا ●

ئەم شاعیرە یەکێکە لە شاعیرە میللی‌یەکانمان کە کەم و زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، ئەوەی ئەمڕۆ ئاشنایەتیان لە گەڵ دا نی‌یە بۆیە بە پێویستمان زانی یادێکی ئەم کەڵە مێردە بکەینەوەو زێتر بە خوێنەران و شیعر دۆستانی بناسێنین.

کورتەی ژیانی

ناوی «حەبیب عەلی محمەمەد ئەمینی حەمەی میران»ە لە عەشیرەتی «مەنمی»یە لە ساڵی «١٩٠٠»ی زاینی لە کوردستانی ئەودیو، لە دێی «سیاسەرا» کە هەوارگەو شوێنی باپیرانی بووە چاوی ژیانی هەڵهێناوە. خۆی لە شیعرێك باسی لە دایك بوونی خۆی دەکات و دەڵێ:

لە دایك بوونم دێی «سیاسەرا»نە
هەوارگای کۆنی هۆزی «میران»ە
لە مێژووی ساڵی هەزارو نۆسەد
هاتمە دنیا لە گەڵ بەختی بەد
هەزارو سێ سەد نۆزدە لە هیجرەت
داخل دنیا بووم بۆ سەزاو مەینەت.

(کۆمەڵە شیعری هونەرو ژیان، ل ٥)

باوکی شاعیر «مەلا» بووە بۆیە لە لای باوکی دەست دەکاتە خوێندن و قورئان و کتێبە ئاینی‌یەکان دەخوێنێ‌و هەر بەم نیازەش زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەگەڕێ. شارەزاییەکی کەمیشی لە زمانی فارسی بووە. لە پاش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و تەشەنە کردنی بێ کاری‌و قات و قڕی‌و گرانی‌و پڕیشکی شەڕ بەرەو کوردستانی عیراق دەکەوێتە ڕێ‌و لەم دیوە دەگیرسێتەوە. لە تەمەنی بیست «٢٠» ساڵی‌یەوە واتە پاش ئاوارە بوونی خولیای شیعر نووسینی دەکەوێتە سەر. کە دێتە ئەم دیوە بۆ بژێوی خێزانەکەی دەبێتە پۆلیس، پاشان خانەنشین دەکرێ و لە هەولێر دوکانێك دادەنێت. لە ناو خەڵکی بە خاڵە حەبیب ناسراوە. لە گڕو گڵپەو تاو سەندنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر وەك هەموو ڕووناکبیرێکی ئەو سەردەم ئەویش دەچێتە دیداری شێخ و (شێخ ئەڵێ : بۆچی لای من نامێنیتەوە بتکەمە کوێخای ئەم گوندە، خاڵە حەبیب ئەڵێ : یا شێخ من فێری گەڕۆکی بووم و فێری نانی خووساو نەبوومە ئیتر ماوەیەك بە خۆشی‌وشادی ئەمێنێتەوە پاشان بەجێ‌ی دێڵێ.)[1] پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی‌و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد خاڵە حەبیب دەچێتە سەردانی ئەم کۆمارە ساوایەو بە شیعرە بەسۆزو بێ گرێیەکانی پشتگیری‌و پیرۆزبایی لێ دەکات (بە دیداری قازی نەمر شاد ئەبێ‌و کۆماری کوردستان ئەبینێ)[2].

لە ماوەی ژیانیدا سەرەڕای دەست کورتی‌و نەداری

توانیوویەتی هەشت (٨) کتێبی هەمە جۆر چاپ بکات کە زۆربەیان دیوانە شیعرن. نووسەری فۆلکلۆر پەروەری نەمر «محەمەد تۆفیق وردی» رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئامادە کردن و چاپکردنی دیوانە شیعرەکانی خاڵە حەبیب، هەر بۆیەش لە زۆربەی بەرهەمەکانی سوپاسی کردووە. شێوەی دارشتنی شیعرەکانی زۆر سادەو رەوانەو بە زمانی خەڵکی ئاسایی نوسراوە، کە ئەمەش خاسیەتێکی گرنگی شیعری میللیە. هەموو خوێندەوارو کۆمەڵانی خەڵك بە بێ مێشك گوشین تێی دەگات. لە بارەی شاعیریەتی خاڵە حەبیب وردی دەڵێ: (هەستێکی بەرزو خەیاڵێکی پوخت و باڵای هەیە. گەرچی پلەی خوێندەواری زۆر نیە بەلام لە باری زانست و هونەرو هەڵبەستەوە گەلێ لەو بویژانە پێش کەوتوو ترە کە لاف بوێژی لێ ئەدەن..)[٣]. زۆربەی شیعرەکانی نیشتمانیو پەند ئامێزەو خەڵکی فێرە عیبرەت دەکات، شیعری دلداریو عەشقیشی نوسیوە وردی گوتەنی: (خاڵە حەبیب تەنیا دەستی لە هەڵبەستی نیشتمانیو خۆرسك و پەند نیە بەڵکە دەستێکی بەرزی لە هەڵبەستی دلداریش هەیە چونکە ئەو دەوری چێشتووە.[٤])گرنگترین خاسیەتەکانی شیعری ئەم شاعیرە میللیە ئەوەیە کە:

١ـ شێوەی دارشتنی سادەو رەوانە، هەموو خەڵکی بە تایبەتی چینە رەش و رووتەکە بە ئاسانی تێی دەگات.

٢ـ زۆربەی شیعرەکانی پەند ئامێزەو دەتوانرێت لە کاروباری رۆژانەدا بکرێتە سەر مەشقی ژیان.

٣ـ زۆر بەسەر هاتی مێژوویی بایەخداری بە شیعر هۆنیووەتەوە.

٤ـ گرنگی بە زانست و زانیاریو روو کردنە خوێندن داوە، ئەمەش لە زۆربەی کۆمەڵە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە.

٥ـ هیچ کاتێك بێ هیوا نەبووە، بەڵکو هەردەم بە هیوا ژیاوەو ژیانی هەژاری پەسەند کردووە.

خاڵە حەبیب یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (بانگی جومهوری) لە ساڵی (١٩٥٨) چاپکردووە. بایەخیشی بە شانۆ داوە، رووداوێکی راستەقینەی کۆمەلایەتی کردووە بە شیعرو لەسەر شێوەی ئۆپەرێت نوسیویەتی کە بۆ ئەو سەردەم و رادەی خوێندەواری ئەو شتێکی گرنگ و بە بەها بووە. ئەم ئۆپەرێتە «پرشنگی دلداری» باسی کچێك و کورێك دەکات کە یەکتریان خۆش دەوێت و لە ئاکامدا «بەکرۆکە»یەکی مەرگەوەریان بۆ پەیدا دەبێت و کورەی «دلدار» دەکوژێت و کچەی «دلبەر»یش پاش دیتنی ئەم رووداوە جەرگ برە لە پێناو ئەمەك و وەفاداری ئەویش لە سەر گۆڕی «دلدار» هەڵدەکێشێتە خەنجەرو سینەی خۆی دەسمێو گیانی شیرینی لە دەست دەدات. پاش ئەم تراژیدیە خەمناکە «دلبەر»یش لە تەنیشت «دلدار» دەنێژن و بە خاکی دەسپێرن. خاڵە حەبیب لە شیعرەکانیدا بایەخی بە رەوشت بەرزی و ئامۆژگاری کردنی خەڵك و زانست و خوێندن و کارکردن داوە لە هەمان کاتدا رەخنەی لە چەند داب و نەریتێکی مۆن و ئەرژەنگی واقیعی کۆمەڵایەتی وەك (بوختان، درۆ، دزی، پوول پەرستی، نەزانی، عەرەق، خواردن، فەساد، نەخوێندەواری، ..... تاد) گرتووەو رێگا چارەی بۆ دۆزیووەتەوە. هەوڵی داوە مێژووی رووناکبیرو ناودارانی کورد بنووسێتەوە، کتێبێکی لە سەر ئەم بابەتە چاپکردووە کە بریتیە لە مێژووی ژیانی (١١٩) شاعیرو مێژوو نووس و تێکۆشەری کورد، هەر چەندە ئەم کتێبە بە تێرو تەسەلی نەنوسراوەو کەم و کوری زۆرە بەلام دەتوانرێت ببێتە فەرهەنگێکی باشی ئەدیب و ناودارانی کورد. سەرەرای ئەوەی کە بۆ زۆربەی ئەم هەڵکەوتووانە شیعری نووسیووەو یادی کردوونەتەوە. هەر لەم کتێبەو لە یادی چوار ئەفسەری سەرکردە کە لە «١٩»ی حوزەیرانی «١٩٤٧» و لە سەردەمی «ساڵح جەبر» لە سێدارە دران و چوونەوە باوەشی دڵە پر میهرەکەی دایکی نیشتمان.

من چوار سەرکردەم لە قەنارە دی
سەرداری سوپام لە سێدارە دی
موستەفا خۆشناو خێراللە و عیزەت
بوون بە قوربانی وەتەن و میللەت

تا دەڵێ:

موحەمەد قودسی نیشتمان پەروەر
رۆڵەی نەبەزی پر هێزو هونەر
بوون بە قوربانی خاکی نیشتمان

لەرێی خەبات بوون بە دڵ و بەگیان.

(یادی شەهیدان و ئەدیبان، ل ٢٢ ـ ٢٣)

ڕووداوێکی مێژوویی بە شیعر نووسیووەو سەرچاوەیەکی باشە بۆ مێژوو نووسانی کورد. ئەم کتێبەی ناوناوە«گۆمی خوێن»، باسی خەباتی عەشیرەتی «مەنمی» دەکات دژی دام و دەزگای کۆنەپەرستی حکومەتی شاهەنشاهی ئێرانیو ئەو شەڕو پێکدادانە خوێناویانە دەخاتە ڕوو کە لە ساڵی «١٩١٦» لەنێوان چەکدارانی ئەم هۆزەو حکومەتی ئێران ڕوویداوە. هەروەك لەمەو پێش ووتمان خاڵە حەبیب دەرکی بە گرنگی زانست کردووە بۆیە زۆر بە جورئەتانە باسی چوونە سەر مانگ و داهێنانە نوێیەکانی زانست دەکات و کور گەل و کیژۆڵە قشتیلەکانی کوردستان هان دەدات کە ڕوو لە خوێندەواری بکەن و خۆیان لە ڕیزەکانی پۆلی قوتابخانەکان بدۆزنەوە، چونکە دەزانێت ئەگەر میللەت نەخوێندەوار بێت لەوانەیە ڕێگای هەڵە بگرێتە بەرو لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی میللەت بچێتە دەر.

عیلم و زانینە لەم ئاسمانە
وا خەڵك ئەگەرێ وەکو پەروانە
زانستی تەنیا بۆ ڕێی پێش کەوتن
ڕزگارت ئەکا لە شەری دوژمن
ئەگەر نەخوێنی تۆ دەرس لە مەکتەب
فێر نەبی ڕێگەی ڕەوشت و ئەدەب
پەشیمان دەبی بە دڵ خەمباری
دەبێ ڕازی بی بە خزمەت کاری.

(هونەرو ژیان، ل ١٠).

خاڵە حەبیب زۆر لێزانانە چینەکانی کۆمەڵگا دابەش دەکات و باسی ڕۆڵی پڕ سەروەری چینی کرێکارو جووتیار دەکات، چونکە کۆڵەگەی ئابووری هەر وڵاتێك بەندە لە سەر هەوڵ و تەکانی ئەم چینە زەحمەتکێشەو هەر زیان و نەهامەتیەك ڕوو بکاتە وڵات پێش هەموو کەسێك ئەمانە دەگرێتەوە. هەروەها باسی دامەزراوە ئابووریەکان دەکات و کاریگەری مێژوویی کرێکارو جووتیار دەست نیشان دەکات.

ژیانی هەموو مەخلوقی جیهان
وا لە سەر شانی جووتیارو سەپان
بە ڕەنجی شانی سەپان و جووتیار
هاتۆتە بەرهەم کاغەزو دینار
جووتیار نەکێشێ جەفای ڕۆژگار
چۆن پەمو دانە دەبێتە دینار؟
سەپان نەکێشێ جەفاو دەردی سەر
نە دەغڵ شینە، نە دار دێتە بەر
سەپان نەچێتە ناو قورو چڵپاو
چۆن برنج دەبێ بیکەی بە پڵاو.

لە بارەی ئافرەتەوە بە بیرێکی پێش کەوتن خوازانەوە دێتە کۆری ژیان و هەست بە گرنگی بوونی ئەوان دەکات لە بوارەکانی کار کردن و بەرهەم هێنان و ڕامیاریو... تاد. چونکە دەزانێت ئەگەر بێت و بەس تەنها «پیاو» کار بکات ئەوا تەنها باڵێکەو بە یەك باڵیش ناگاتە چ هەوارێك. بۆیە پێویستی بە کۆمەکی ئافرەتی دایك و خوشك و هاوسەر هەیە بۆ ڕەها بوونی کارەکانیو بنیاتنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ژن هەیە لایەق تاج و ئەفسەرە
بۆ ڕێگەی ڕاستی ڕێی نیشاندەرە.

(هونەرو ژیان، ل ٢٠)

یان لە وەسفی (کچی کوردستان)ەوە دەڵێ:

مانگی ڕوومەتی کچی کوردستان
ڕووناکی ئەدا بە دەشت و کێوان
سەربەست و ئازاد چوست و چالاکن
بۆ ڕۆژی خەبات شێری بێ باکن.

(پرشنگی دڵدای، ل٢٢).

خاڵە حەبیب لە بارەی مەدحی یارەوە بە شێوەیەکی جوان باسی شۆخ و شەنگی دلبەرەکەی دەکات و هەروەك شاعیرانی پێش خۆی چۆن زیرەکانە ئەندامەکانی لەشی یاریان بە گوڵ و ڕەیحان و چنارو... تاد چواندووە ئەویش لە سەر هەمان ڕێباز دەرواو دەڵێ:ـ

ئەی گوڵ سێو سووری نەبوو ئەوەل جار
تا یاری منی نەدی لە گوڵزار
کڕنووشی بۆ برد گەڵێ تکای کرد
تۆزێ سووری سەر گۆنای یاری برد.
(پرشنگی دڵداری، ل١٧).

تا دەڵێ:

چاوی یاری من بێ ـورمە رەشە
گوڵی روومەتی هەموو ـات گەشە
گەلاوێژ لە بەر چاوی ئەو ـەڵات
لە بزەی لێوی شەوقی رۆژ دەـەڵات.
(پرشنگی دڵداری، ل١٧).

لە بارەی چاکەو رەوشت بەرزی‌یەوە کە مرۆ بە هۆی پەیرەو کردنی ئەم رەوشتە بەرزانەوە جێ پێی خۆی لە ناو کۆمەڵگاو جەماوەردا قایم دەکات و دەبێتە خۆشەویستی خەڵکی، خاڵە حەبیب باسی پارەو سامان کورسی‌و دەسەڵات داری‌یەتیمان بۆ دەکات کە ئەوانە بەبێ سەرمایەی رەوشت و نەفەس بەرزی‌یەوە هیچ نرخێکی نیە. هەر چاکەیە مرۆ دەگەیەنێتە لووتکەی بەرز بوونەوەی کەسایەتی.

سامان و کورسی بۆ کەس نامێنێ
چاکەو ئینسانی بەجێ ئەمێنێ
ئەگەر راست ئەکەی مەردی دڵپاکی
بیکە بە عادەت رەوشتی چاکی.
(هونەرو ژیان، ل١٧).

شاعیر لە حەفتاکاندا ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە. خاڵە حەبیب مەرگ مەودای نادا زێتر خزمەتی گەل و نەتەوەکەی بکـات، تا لە رۆژی (٢٥ـ٥ـ١٩٨٤) بۆ دواجار دڵە پڕ میهرو عەشقە گەلەکەی لە لێدان دەکەوێت و لە گۆرستانی سەر رێگای هەولێرو مەخمور بە خاکی دەسپێرن. خاڵە حەبیب هیچ منداڵی نەبــووە، بەڵام لە سایــەی ئەم سامــانە ئەدەبیەو ئەو رەوشتە بەرزەی وەجاغی روونەو هەموو میللەت وەجاغی ئەون و ئەویش هەر لەم خاکە بووەو هەر بۆ باوەشی ئەویش گەرایەوە.

زۆر دەستنوس و بەرهەمی چاپ نەکراوی هەیە هیوا خوازین شارەزایان هەوڵی پاراستن و چاپکردنیان بدەن.

بەڵام بەرهــەمــە چاپکــراوەکانی کە هەمووی بە سەر یەکەوە نزیکەی (٤٦٧) لاپەرەیە، بریتی‌یە لە هەشت (٨) چاپکراوی[٥] هەمە جۆر کە ئەمانەن:

١ـ بانگی جومهوری، شیعر، ١٩٥٨.
٢ـ پرشنگی دڵداری، شیعر، ١٩٧٢.
٣ـ داخی دەروون، شیعر، ١٩٧٨.
٤ـ قارەمانی کورد، شیعر، ١٩٧١.
٥ـ گوڵی ژاکاوی کوردستان، شیعر، ١٩٦٩.
٦ـ گێمی، خوێن، بەسەر هاتی هۆزی (مەنمی)یە بە شیعر، ١٩٧٤.
٧ـ نەورۆزوبەهار، شیعر، ١٩٧٠.
٨ـ یادی شەهیــدان و ئەدیبــان، بەسەرهات وەمێژووی ژیانی چەند ناودارێکی کوردە، ١٩٧٤.

لە پاش مردنی‌یــەوە تاکو ئێستا بێجگە لە ووتارێکی بچکۆڵەـ ئەوەی من ئاگــادار بم ـ بەداخــەوە کەسێك نەهاتووە بە تێرو تەسەلی لە سەر ئەم شاعیرە میللی‌یە بنووسێ‌و لایەن و سووچە تاریکەکانی ژیانی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هیوادارین ئەمە بەرکوڵێك بێت و نووسەرانی شارەزا زێتر بە بەریدا بچن.

پەراوێزەکان

١ـ رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٩٨٠)، ل٧، یادی شاعیری خوا لێخۆشبوو حەبیب عەلی مەنمی میرانی، لەتیف محەمەد عەلی.
٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣ـ هونەرو ژیان، بەغدا، ١٩٦٨، ل٨.
٤ـ پرشنگی دڵداری، بەغدا، ١٩٧٢، ل٩.
٥ـ فەرهــەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، مستەفا نەریمان، بەغدا، ١٩٨٦، ل٤٠ـ٤١.

★ ★ ★